www.kurdistannet.org
7-4-2006 20:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دیاری قەرەداغی: گەر هەموو شەوێک کارەبا لەماڵەکەتدا لە سەعات هەشت و نیودا بکوژێتەوە، چۆن لەسەعات نۆدا تەماشای بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی زۆر سەرکەوتو دەکەیت ... ئامادە کردنی: ڕێژین ابراهیم

Rezhin_p@hotmail. com



هونەرمەند (دیاری محەمەد زاهد عومەرقەرەداغی) ناسراوە بە دیاری قەرەداغی لەشاری سلێمانی لەدایك بووە لەساڵی 1967 دەرچووی زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان بەشی کوردی، خێزاندارەو منداڵێکیشی هەیە.. لە خێزانێکی هونەردوَست وهونەری لەدایك بووە ئەوخێزانەی بۆ (دیاری) باڵێکی زوَر یارید ە دەر زوَر سەرەکی وهاندەرێکی زوَرچالاك بوە بوَ دروستبونی ئەو لایەنە مەعریفی و ڕوَشنبیرییە هونەرییەی کەئەگەر دروست بێت لەلای (دیاری) هۆکاری سەرەکی خێزانەکەی بووە، ئیستا کارمەندە لە بەرێو بەرایەتی ڕوَشنبیری و لێپرساوی ناوەندی هونەری کوَمەڵەی چالاکیەکانی هاموونە و سەر نوسەری روَژنامەی (هارموَنی) یە، بۆ ئەم مەبەستەش چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵدا ساز کرد.

+ئەگەر بگەڕێینەوە بوَ ڕابووردوی هونەریت، واتە ئەو کاتەی کە لەڕابردوداگوَرانیت دەوت، شێواز یان ڕیتمی گوَرانییەکانت جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە؟ واتە دەکرێت بڵێن دیاری لەسەر هەمان ستایل یان شێوازێکیجیاواز دەڕوات؟

-ڕەنگە من دەنگێکی جیاوازبم لە دەنگی توَ یاخود لەدەنگی ئەو نەچم، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە بڵێین من خاوەنی ستایلێکی تایبەت بم، بوَ خوَی ئەو بەکارهێنانی زاراوەیەش بووەتە هەڵە، ستایل بە کوَمەڵە ژانەرەی، یان بە کوَمەڵێك ڕەگەزی یەك بە دوای یەکدا دەتوانی ستایلێك بوَ گوَرانیبێژ تەحدید بکات، بە تەنها دەنگی گوَرانی بێژێك ستایل ناخوڵقێت، ڕەنگە بیێتە دەنگێکی جودا یان ببێتە شێوازێکی جیاواز، لەبەر ئەوەی هونەر لە وڵاتی ئێمە بە قەزاو قەدەر دروست دەبێت واتە هەر ساڵەو بە چە شتێك دروست دەبێت لەلای هونەرمەند و ساڵێکی تر بە شێوەیەکی تر، لەوانەیە لە وەرزێکدا گروپێك کوَمان بکاتەوە و ساڵێکی تر ئەو گروپە نەمێنی و گروپێکی تر کوَمان بکاتەوە واتە پلانێك یان مەنهەجێك نییە، دەتوانم بڵێم لە سەرجەم هونەرمەنداندا ئەوانەی توَ دەیانبینی و ڕەنگە بیان ناسیتەوە بڵێی ئەمە ستایلی تیپی موَزیکی سلێمانییە ئەوەی تر ستایلی تیپی گەڕیانە، بەڵام دەبینی ئەو هونەرمەندانەی بەتەنها کار دەکەن واتە لەناو گروپێکی موَزیکی دیاری کراودا نین سەیر دەکەیت دروست کردنی ئەو بەرهەمەیان پابەندە بەهەڵبژاردنی جوَری گۆرانییەکە کەویستیەتی گۆرانییەکە وابخوڵقێنێت، بەمە گۆڕانکاری دروست دەبێت.

حەتمەن لە هونەری مندا گۆڕانکاری هەیە لەچاو ساڵەکانی پێشووی (دیاری قەرەداغی) دا، ئەویش لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟؟

بێگومان ویستە هونەرییەکانی (دیاری) دەگۆڕێت.

خەیاڵەکان دەگۆڕێت.

هەروەها پەی بردنی زیاتربۆ دنیا بینینی شیعر زیاتر دەگۆڕێت.

هەروەها كۆنتاكت كردن و پەیوەندییەكی زیاتر بۆ من دروست دەبێت لەگەڵ چینێكی باشترو چینێكی شارەزارتر لەموزیسیانەكان.
كە ئەمانە هەموو وادەكات كەشێكی گەورەتر برەخسێنی كەلە ئەنجامدا گۆڕانكاری دروستدەكات.

+پێویستە لەگۆرانی كوردیدا هەموو جۆرە ستایلێكی جیاواز هەبێت بۆ ئەوەی گوێگر خۆی ستایلی گۆرانییەكان هەڵبژێرێت؟ بەمانایەكی تر گوێگری دیاری قەرەداغی بتوانی نیتۆركێكی لەگەڵ دیاریدا هەبێت و بتوانی ستایلی بۆ دابنی؟ ئەگەرهاتوو ئەمە رویدا دیاری ئامادەیە رەچاوی بكات؟

-جەماوەر یان بڵێین گوێگر، حەقی ئەوەی نییە ستایلێك بۆ من دیاری بكات، بڵی من ئەم ستایلەم دەوێت، دەبێت بەو شێوەیە بڕۆیت و گوزەر بكەیت، ئەمە بۆخۆی بریتییە لە ئیستیفزاز كردنی رۆحی هونەرمەندەكە.
كاتێك تۆ بەمن بڵێیت دەبێت واگۆرانی بڵێیت، بەڵام راستییەكەی وەهایە كە گۆرانی لەلای من دروست دەبێت بە ویستی تایبەتیم بەڵام تۆ ئیختیاری من دەكەیت یان نایكەیت، نەك تۆ چیت بوێت من ئەوەت بۆ بكەم.
بەمانایەكی تر جەماوەر لەژێر رەحمەت و ویستی و ئیرەدەی هونەرمەندایە، كاتێك من دەمەوێت ئاوائیش بكەم ئەوكاتە ئەمە دنیابینینی منە بۆ تۆ.
من دەمەوێت ئاوا تۆ ببینم ئاوا شتێكت بۆ تەرح بكەم لەبەر ئەوە پێم وانییە ستایلێك لەلای گوێگر تەحدید كراوەو دەبێت ئێمە ئاوای بۆ بكەین، دیوكی تری پرسیارەكە رەنگە ئەم وەڵامە هەڵبگرێت ئەویش زۆرینەیەك لە هونەرمەندانی ئێستا ستایلی گۆرانیەكانیان هێناوەتە سەرئەو (نەمت و زەوق) و ئەو ویستانەی زۆرێك لەخەڵكی دەیانەوێت تا بەو چەشنە گۆرانی بڵێن، بیرمان نەچی تۆ ئێستا لەگەڵ مندا چاوپێكەوتن دەكەی رەنگە من بمەوێت بەو شێوەیە وەڵام بدەمەوە كەخۆم دەمەوێت نەك بەو شێوەیە وەڵام بدەمەوە كە هونەرمەندێكی تر دەیەوێت من نامەوێت ئاوا كار بكەم نامەوێت بەو شێوازە كاربكەم كە هەموو جەماوەر لە من ڕازی بێت هەموو جەماوەر دەستخۆشی لەمن بكات، نامەوێت ئاوا كاربكەم بڵێم تەجروبەی ئەم سیدیەم باوەكو تەجروبەی كەسێكی تر بێت و لەو سیدیەی ئەوان بچێت كە لەناو بازاردا زۆر فروشراو لەناو هونەرمەنداندا زۆر جێگەی خۆی كردەوە و زۆر جێگەی چەپڵە و ستایشی دەستەڵات بوو، من كارم بەوەوە نییە، ئەو ئازادەو منیش ئازادم لەوە تۆش ئازادی لەوەی كامان ئختیاردەكەی، ئەمە جورئەتێكە هەریەكەمان بۆ خۆی هەیەتی دەتوانی بەو شێوەیە خۆی نمایش بكات، من كارم بەوەوە نییە هەموو جەماوەری كوردی چەپڵە بۆمن لێ بدات، خۆ گەر هەموو چەپڵەیان لێدا دەبێت موراجەعەی حساباتی خۆم بكەم كەبزانم فعلەن من لەحزەیەكی ستاتیكی فەنی خۆم لەدەستداوە بۆیە هەموو جەماوەری كوردی چەپڵە بۆ من لی دەدات.
بەڕاستی ناتوانی تۆ كارێكی هونەری بكەیت و بتوانی دڵی هەموو جەماوەر لەخۆت رازی بكەی ئەمەش شتێكی قورسە ئەگەر بتوانی ئاواش بیر بكەیتەوە پێمولیە ئەوپەری كەم و كورتی لەجۆرو پەخشی كارەكەتدا دەردەكەوێت.

+بینەر واهەست دەكات كەسیناریۆ لەگۆرانییەكانی دیاریدا زۆر جیاوازی هەیەلەگەڵ سیناریۆی گۆرانی بێژێكی تر، بەمانایەكی تر شێوەیەكی سادەی نییە لەرووی تەكنیك و لەرووی تێگەیشتنەوە، بەتایبەتی لەو كلیپانەی لەم دووایانەدا بۆ گۆرانیەكانت كران، هەست دەكەم بینەر ناتوانی بەئاسانی تَیَ بگات؟ ئایا ئەمە تاچەند لەلای دیاری زانراوە؟

هەڵەیەكی گەورەیە من دانیشم باسی هونەری كلیپت بۆ بكەم، من گۆرانی بێژم لەبواری موزیك و گۆرانی كاردەكەم، دەكرێت پرسیاركانت بەو شێوە یە بكەی كەتایبەتە بەچۆنیەتی دروست كردنی ئاوازێك یان پەی بردنم بەبشعرێك، بەلاّم من وای بۆ دەچم كە هەموو ئەم پرسیارانە كە تەوجیهی گۆرانی بێژ یان هونەرمەندێكی موزیكژەن دەكرێت، ناڵێم كارێكی هەڵەیە ناشڵێم نابێت ئێمە بۆچونمان لەسەر كلیپ هەبێت بەلاّم ئێمە هەڵناسین بەدروست كردنی كلیپ ئێمە كەسێكین شتەكان بەسەر ئێمەدا دەهێنرێت واتە لەپشت كلیپەكانی منەوە دەرهێنەرێك، هەیە سینارست هەیە شوێنێك بەرهەمی دەهێنێت تیڤییەك هەیە پەخشی دەكات، لێرەدا ئەگەر تۆ كێشەت لە پەخشكردندا هەیە بچۆ یەخەی تەلەفیزیۆنەكان بگرە، ئەگەر كێشەت لەگەڵ سیناریۆكەدا هەیە بچۆ قسە لەگەڵ سینارستەكەدا بكە ئەگەر هەستدەكەی جوانییەك لە كلیپێكی مندا دەبینی باهەموو ئافەرین و دەستخۆشی و چەپڵەكە بەرمن نەكەوێت با بۆ ئەوانی تربێت، بۆ یە ئێمە یەكێكین لەو ستافەدا.

+ بۆچی گۆرانی بێژی كورد لەئەمرۆدا نەگەیشتۆتە ئەوەی كە پەیوەندییەكی وایان هەبێت لەگەڵ تیۆری موزیكدا، یاخود بۆ زۆربەی گۆرانی بێژان كاتێك تەرخان ناكەن بۆ مەشقكردن لەسەر تۆنەكانی دەنگ كەئەمە بۆ خودی هونەرمەندی گۆرانی بێژە زۆر گرنگە؟

- ئەگەر مەبەستت هونەرمەندان بەگشتی بێت ئەوا دەتوانم بڵێم، واقعێك هەیە با ئێمە لێی رانەكەین با بپرسین هونەرمەندی گۆرانبێژ لەم وڵاتەی ئێمەدا كێیە و ناوی چییە، ناسنامەی چییە؟ چۆن دەژی؟ ژیان چۆن دەباتەسەر؟

هەرچی گۆرانی بێژە كەتۆ دەیبینی لێرەدا لەرێگەی حەزوو خولیای شەخسی خۆیەوە بووە، دەشێت كەسێك پێی وتوە دەنگت خۆشەو توانات هەیە وەرە گۆرانی بڵێ ئیتر گەورەیانكردوە كاریان بۆكردووە ریكلامیان بۆكردووە.... هتد، تاكردویانە بە ئەستێرەو ئاگای لەخۆی نامێنی، جاری واش هەیە هەندێك لەو كەسانە دەكەنە نەجمێكی گەورەتر كەلەئاستی خۆیدا نییە، ئەمانە خۆی هەمووی مەترسی گەورەن.

ئەی بۆ ئەوەندە پەیوەندیان بەلایەنی تێۆری مۆزیكەوە نییە؟ زۆر راشكاوانە چونكە نەخوێندەوارن ئەوە بەوەلاّمێكی زۆر سادە، بۆچی نەخوێندەوارن و مەشق ناكەن؟ چونكە بی كاتن چونكە هەریەكەیان وەزیفەیەكی تایبەتی خۆیان هەیە، یەكێك دارتاشە، یەكێك فەراشە یەكێك خەیاتە، یەكێك فەرمان بەرە.... هتد، لەكوی فریای مەشقكردن دەكەوێت.

+عەفومكە من دەمەوێت بپرسم باشە بۆ خەریكی ئەو كارانە دەبێت بۆنایەت خەریكی كاری هونەری بێت بۆ ئەوكارانەی تردەكات كەدورن لە هونەرەوە؟

یان بۆ خەریكی كاری هونەری نابێت، بەبەردەوامی كار بكات بۆ ئەوەی سەركەوتوو بێت لەكارەكەیدا؟

-چونكە هونەر نایژێنی، هونەر بەكەڵكی نایەت بەراستی حەزێك و وویستێكی خۆیەتی، تاكو تەرایەك لە هونەرمەند حەز بكەن ئەو بەردەوامییەیان هەبێت بە هونەر و مەشقكردن، بەلاّم دەبێت بیرمان نەچێت كام تەمرینە؟ كامەیە پەیمانگاكانی تۆ بۆ تەمرین كردن؟ كامەیە ئەو رۆحە دەستە جەمعییەی موزیك و هونەرمەندە گۆرانی بێژەكان بۆكاركردن بۆ تەمرین كردنی سۆڵفێج؟

كامەیە ئەو ناوەندە زۆر و زەبەلاحانەی كەتۆ شەوانە لەجیاتی ئەوەی لەماڵێكی كرێچیدا بیت، لەجیاتی ئەوەی كە تۆ لەناوەندێكی هونەریدا یان لەسەنتەرێكی هونەریدا تەمرین بكەین؟

کامەیە ئەو هۆڵە مەزنانەی ئێمە؟گەورەترین هۆڵی ئێمە، هۆڵی پێشمەرگەیە.
کامەیە پێمان بڵێ؟ تا هونەرمەندان بچێت لەوێدا تەمرین بکات.

+باشە من پێت دەڵێم ئەگەر شوێنێك لەو شوەیە دابین یان دروست بکرێت بۆ هونەرمەندان، ئەوکات پێت وایە هونەرمەندان بچن کاری تیا بکەن و تەرخانی بکەن بۆ شوێنی تەمرین کردن؟

- دووبارە دەڵێم، کامانەن مامۆستاکان کامانەن جێگاکان کامانەن ئیمکانییەتەکان؟ ئایا لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی هونەرمەند فەراهەم کراوە یان کارئاسانی ئەوبارە قورسو نارەحەتییەی لەسەر ژیان و زەبروزەنگی کەسی هونەرمەندە دروست بووە کراوە؟ ڕێزلێنانێکی سەدوو پەنجا هەزار دینارت دەدەنی زووخاو دەکەن بەدڵتا چونکە دەیانی وەك تۆ موستەحەق وەری ناگرێت، تۆ کۆمەڵێك کێشەت هەیە، تەنانەت لەگەڵ موزیسیانەکان گرفتت هەیە نەك تەنها لەگەڵ گۆرانی بێژاندا، موزیسیانانی ئێمە لەبەیانییەوە تائێوارە خەریکی ئینتاج کردنی شتێکی ترە، موزیسیان هەیە فەرمانبەرە، هەمانە لەدائیرەی ئاوە خەریکی وەیل کردنە، ئیتر چۆن تەمرین دەکات؟ لەپاشاندا کەدێتەوە بۆماڵەوە دووسەعات کارەبای هەیە لەبەردەم دوکەڵی چرادا چۆن مەشق دەکرێت؟

ئاخر بائێمە تۆزێك مەنتقی بین لە باسکردنیشتەکان، دیارە تۆ هەستت بەو شتانە یان ئەو خەڵەلانە کردووە بۆیە پرسیار دەکەی؟دەستت خۆش بێت و ئەو کەموکورتییەی کەباستکردن هەمووی ڕاستە و بوونی هەیە، بەڵام لەپشت ئەو خەڵەلانەوە کۆمەڵێك فاکتەر هەیە دەبێت ئیشارەیان پێ بدەیت وباسیان بکەیت، ئەمانەی کەباسمان کرد هەمووی فاکتەری سەرەکین کە کێشە دروست دەکەن.

+ئەم کێشانەی کەباس کران، هۆکارەکەی ناگەڕێنیتەوە بۆ یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، یان لەپشتی یەکێتی هونەرمەندانیشەوە فاکتەرێکی گرنگتر هەن بۆ لەناو بردنی هونەر بەیەکجاری؟

-کاکە یەکێتی هونەرمەندانیش نییە بەتەنها، یەکێتی هونەرمەندان خۆی کارەبایان لی بڕیوە، دائیرەکە خۆی کارەبای نییە، ماڵ لە نزیکیانەوە کارەبای هەیە، کاکە دەبێت ئێمە تێبگەین، تۆزێك مەنتیقی بین یەکێتی هونەرمەندان بەتەنها ناتوانی دروستکەر بێت، بۆ نمونە دەپرسم دەبێت کی هۆڵ دروست بکات یەکێتی هونەرمەندان؟؟ نا ئازیز ئەمە ئیشی حکومەتە، باشە کی کارەبا دەستەبەر بکات؟؟بێگومان حکومەت دەبێت پرسیار لەو بکەین، بەتەسەوری من ئەگەر تۆ بشچیتە لای سەرۆکی حکومەت ئەویش بۆ خۆی هەمان موعاناتی ئێمەی دەبێت، ئەویش دەڵێت ناتوانم ئەوشتانە جیبەجی بکەم لەوماوەیەدا، هەروەها تۆ گەر هەموو شەوێك کارەبا لەماڵەکەتدا لە سەعات هەشتو نیودا بکوژێتەوە چۆن تەماشای بەرنامەیەکی تەلەفیزۆنی زۆر سەرکەوتو دەکەیت گەر لەسەعات نۆدا بەخش بکرێت بێگومان ئاگاداری نابیت و گۆرانییەکەی من نابینی چونکە بەر ئەو کاتانە دەکەوێت، ئەوا کەمو کورتییەك دروست دەبێت.

+باشە ئێوە وەك هونەرمەندا ئەم کێشانەی هەتانە بۆ حکومەت ناچار ناکەن کە گوێتان لی بگرێت بچنە سەرجادەو نارەزای دەربڕن ئەمە لەلایەنی هونەریشەوە بەڵام بۆ مەسەلەی کارەباو نەبوونی ئەو جۆرەشتانە ئەوا پێویستەلەسەر هەمووان نەهێڵین ئەو فەزاحەتە دروست ببێت؟بەرای تۆ حکومەت گوێتان لی دەگرێت یان حکومەت تا ئێستا ئاوری بە لای موزیکدا داوەتەوە تا بزانی کێشەتان چییە؟

-ناتوانرێت، چونكە رێپێوان بە هونەرمەندان دروست نابێت، چونكە دەگمەنە بەشێك لە هونەرمەندان پێكەوە راكانیان وەك یەك وابێت، فلان هونەرمەند موستەفیدە.. هونەرمەندێكی تر موستەفید نییە هونەرمەندێك دەڵێت بەڵێ بۆ رێپێوان دووان دەڵێن بانەیكەین، دیارە ئەو هونەرمەندەی كەدەڵێت بێدەنگ بە رەنگە موستەفید بێت، ئەمەش كێشەت بۆ دروست دەكات دەیان شتی تر دروست بووە و هونەرمەند تێیدا بێدەنگ بووە، ئەگەر بە دیقەت سەیر بكەین لەهەموو جەریدەو گۆڤارەكاندا نوسراوە نامەیەكی كراوە بۆسەرۆكی هەرێمی كوردستان.... هتد، ئەم نامانە بۆ خۆی دەلیلێكن بۆ ئەوەی كێشە هەیە بۆیە نامە دەنێرن، دەبێت هەمیشە ئێمە بڵێین ئەی حكومەت فریامان كەون زۆر سەیرە رۆژێك ئەمە پێچەوانە نەبۆوە، ئەگەر تەماشا بكەین لە ولاتێكی ئەسكەندەنافی لەسەر ئەو ئەساسە میهرەجانێكی هونەری درووست ناكەن لەبەر ئەوەی موزیكزانێك یان گۆرانیبێژێكی ئەو ولاتە هەستاوە كتابێكی تەقدیمی لیژنەی بالای هونەر لەو ولاتەدا كردووە، نا نەخێر كارەكان وەها ناكرێت بەڵكو لەبەر ئەوەی ئەوكەسانەی لەو جێگەیەدا كاردەكەن كەسانێكن تێ ئەفكرن و تێدەگەن، بۆ ولاتەكە بەرنامە رێژی دەكەن بۆ دروستكردنی دەیان كاری جوان.

+باشە لێرەدا لەسەر ئەو پارە پێدان و بەخشیشە دەمەوێت بپرسم بۆ ئەو بەخشیشە هونەرمەندانی ولاتی خۆمان ناگرێتەوە لێرەدا مەبەستم ئەوەیە هونەرمەندانی ناوخۆ نەك دەرەوەی وولات، بۆ بەتەنها هونەرمەندانی دەرەوەی ولات دەگرێتەوە كە لەئەوروپاوە دەگەرێنەوە رەنگە خاوەنی دەنگێكی باشو خاوەنی چەند سیدیەك نەبن لەگەڵ ئەوەشدا كەدێنەوە باشترین خزمەتی دەكرێن، باشترین شوێنی ئیسراحەتو حەوانەوەی بۆ دابین دەكرێت، رەنگە هەندێك لەلێپرسراوە كانیش واتە لەلایەن حكومەتەوە پارێزگاری لی بكەن هەر ئەوان گەورەی بكەن و حیمایەی بۆدابنێ تادەرواتەوە لەدوایشدا بەلیشاو ئەرزەی بدەنی پارەو بەخشیشی باش وەربگرێت لەبەرامبەر ئەوە كە هاتۆتەوە بۆ كوردستان؟ دەمەوێت بڵێم ئەم جیاوازییە بۆ لەناو هونەرمەنداندا؟؟

-ئێ وایە كاكە، بەلام تۆش پێش هەموو كەسێك دەچیت بۆلای وەك رۆژنامەنوسێك. بۆ نمونە هونەرمەندێك كە لەئەوروپاوە هاتۆتەوە من لەبەرئەوەی دەموچاوێكی مئلوفم لەلاتان زوو دەمگەیتی بەلام ئەو دەموچاوێكە درەنگ دەیگەیتی، هەردووكمان لەوانەیە لەهۆلێكدا بین بەپەلە رادەكەیت بۆ ئەو رەنگە جێگەیەكی باشتر بۆ ئەو دابین بكرێت، من باسی وەتەنیەت ناكەم كە چۆن ئێمە ماوینەتەوە لەم ولاتەدا، چۆن جەولاتی شەرمان بینی و ئەوە شتێكی ترە.. موشكیلەی خۆتە ماویتەتەوە، تۆش دەتوانی بڕۆی بۆ ئەوروپا من باسی ئەو قسە هەلەقو مەلەقانە ناكەم بۆ ئەوانیش عەیبی تیانییە دەستیان خۆش بێت، رەنگە ئەوانە ئیشەكانیان لەئیشەكانی ئێمە باشتر بێت ئەوانە زیاتر دنیایان بینی، من نمونەیەكت بۆ دەهێنمەوە تۆ لەبەیانییەوە بچۆ لەسەر حسابی من ئامارێك بكە بەناوی هەرچی ئەوپارانەی كە هونەرمەندانی ناوەوەی كوردستان وەریانگرتووە لەگەڵ ئەوانەی ئەوروپا بەراوردیان بكە بزانە هێندەی پارەی وەرگرتنی دوو هونەرمەند كە لەئەوروپاوە گەڕاوەتەوە بۆ كوردستان پارەیان وەرگرتووە، ئێمە پێمان ناخۆش نییە، بەلا پرسیارەكە لەوەدایە بۆ ئەو هونەرمەندانەی ئەوروپا چیان لەئێمە زیاترە؟ نوقسانی ئێمە لەچیدایە پێمان بڵێن بزانین لەسەر چییە؟ لەسەر ئەوەیە چاوی كاڵە قژی زەردە لەسەر كوردایەتییە؟

ئێستا تۆ وا تەسەوردەکەی من حەساسیەتم هەیە بەرامبەر بە هاورێکانم کەلەناو ئەو بوارەدا ئیش دەکەن، تەسەوربکە ئەگەر ئەم حەساسیەتە لەمندا دروست ببێت ناحەقم نییە چونکە من دروستم نەکردووە دەستەڵات دروستی کردووە.. لێت ناشارمەوە من لەناو ژورێکدا دەژیم و مەنتقی تیانیە زەلامێکیش 29 دۆنم ئەرزە وەرگرێت.
تۆ پێت باشە زەلامێك دەیان دۆنم زەوی وەربگرێت و زەلامێکیش لەناو ژورێکدا بژی؟ من ناپارێمەوەو ناشمەوێت و بەزیادیشی دەزانم، بەڵام ئەو جیاوازییە زۆرە بۆ دروست دەکەن
+ئەگەر باس لەگەندەڵی ئیداری و ئەو رۆتینانەی کە لەئێستادا دەکرێت کێشەیەکی گەورەیە هەموو کوژراوی دەستی ئەو رێرەوەین، ناتوانین بەیەکو دوان چارەسەری بکەین، چونکە باس کردنی گەندەڵی ئیداری زۆری دەوێت، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ سەر کاری موزیك و هونەر بەتەسەوری تۆ بۆچی گۆرانی بێژ حەقی موسیقی دەخوات تۆ هەست ناکەی خەڵك دیاری قەرەداغی دەناسی بەڵام موسیقیەکانی ناناسرێت وەك دەبینین لەزۆربەی ئەوکارانەتدا تۆ دەردەکەویت بەڵام موسیقاژەنەکان دەرناکەون لەوبەینەدا حەقی موسیقی خوراوە، بەو مانایە نالێم کە دیاری یان هونەرمەندێکی تر حەقی ماددی موسیقیتان خواردووە بەڵکو من لەباگراوندێکی ترەوە دەروانمە ئەو دەروازەیە من دەمەوێت بڵێم گۆرانیبێژ حەقی مەعنەوی موسیقی خواردووە؟
- باشە ئەمانە خەتای کێیە؟ خەتای منە؟
باشە من پرسیارێك دەکەم، تۆ مایکڵ جاکسن دەناسی لەپشت جاکسن ناوی دوو موسیقیم پی بڵی چەند موزیکژەن هەن؟ من بەش بەحاڵی خۆم نایناسم.
لەپشت گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم ناوی دوو موزیکژەنم پی بڵی کەبەقەدەر ئومکەلسوم شۆرەتی پەیداکردبێت؟؟ لەپشت گۆرانییەکانی داریوشەوە دوو موزیکژەنم پی بڵی؟؟ یان لەپشت گۆرانییەکانی شەجەریانەوە کەهەموومان شەجەریان باش دەناسین.... هتد،
هەموو گۆرانیبێژان وایە بەرکەوتنی ئەم ئیشە بەرکەوتنی تیشکێکی راستەوخۆیە لەگەڵ خەڵکدا دەبێت موزیسیانیش ئەمە قبوڵ بکات یەعنی نابێت موزیسیانی کورد ئەوشەرە لەگەڵ گۆرانیبێژدا بکات بڵی تۆ حەقی منت خواردووە، چونکە سروشتی ئیشەکەی خۆت وایە.
تۆ پەیامنێرێکی پەرە رەنگاڵەکانی بەشی پەرەموچی هەفتەنامەی هەواڵیت.. باشە هەتا تۆ نەیەیتەلای من و چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ نەکەی من تۆ ناناسم تەنها کاك شوان داودیو کاکە دانا عەسکەردەناسم کە سەرنوسەرو لێپرساوی بەشەکەیە، ئێمە باتوشی ئەوداماویە نەبین.. ئێمە جاری خەمێکمان هەیە ئەویش ناوی خەمی گۆرانی کوردییە، جاری باموزیسیان ئەو شەرە نەکات بڵی بۆ من دەرنەکەوتووم، یەك شت هەیە حەزدەکەم بیزانی ئەوەندەی حەقی موزیکژەنەکان دەیبەن ئەوەندە گۆرانی بێژان نایبەن حەزدەکەم ئەوە باش بزانی ئێستا شتەکان زۆر پێچەوانە بۆتەوە ئەگەر لە رەهەندی ماددەو پارەوە سەیربکرێت لایەکی گۆرانی بێژ حەزدەکات موزیکژەن بوایە بۆ ئەوەی کاربکات لەو بوارەدا چونکە کاتێك کە دەچمەناو ستۆدیوە گۆرانی دەڵێم یەك موزیسیان نایەت بەبەلاش ئیش بکات هەمووی پارەی دەوێت، بەڵام لەدوایدا کەسیدیەکە تەواو دەبێت دەچێتە بازارەوە لەئەگەری فرۆشتن و نەفرۆشتن تەنها گۆرانیبێژ باجی ئەوە دەدات بەڵام ئەو (ئەگەر) ی ئەوەی تیا نییەراستەوخۆ پارەی خۆی وەردەگرتووە لەبەر ئەوە حەقی ماددی نەخوراوەو حەقی مەعنەویش لەلای من نییە، لەلای کۆمەڵێك نییە تا بسەنرێت بەڵکو سروشتییە هەڵکەوتی ئیشەکە وایە.

+ باشە ئەگەر بێینە سەر ئەوەی کە بڵێین دیاری قەرەداغی هەوڵی ئەوەی داوە لەگەڵ ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانیدا کار بکات واتە ئیشەکانی ببێتە ئۆرکێست

-باشە من دەپرسم ئایا ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی دەیانەوێت لەگەڵ (دیاری) دا کاربکەن؟

+باشە بۆ.. ؟ هەست ناکەی ئاستی موزیکی کوردی و یابڵێین گۆرانی بێژ لەم رووەوە زۆر لاوازە؟

-نا من پرسیار دەکەم، رەنگە ئەمە یەکەم تەجروبە بێت لەگەڵ گۆرانیبێژان، جارێ لەگەڵ هونەرمەندێکی تر ئەو کارە کراوە، خۆ ئەگەر دەستپێکیان لەگەڵ منیشدا بووایە، ئەوا رەنگ بوو تۆ بچویتایەتە لای ئەو هونەرمەندەو ئەم پرسیارەی کەلەمنت کرد لەویشت بکردایە بۆ لەگەڵ ئۆرکێسترای ژێداریدا ئیش ناکەی، رەنگیشە کەسێکی وەك مامۆستا عەبدوولا جمال وا بەباشی بزانی دەنگێکی وەك دەنکی عەدنان کەریم تەوزیف بکات لەگەڵ ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی، لەوانەیە لەداهاتوودا بیر بکاتەوە دەنگی (دیاری) باشتر بێت ئینجا دەنگی فلان و فسیار.. هتد. خۆلەوانەشە من بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە رازی نەبم.

+بۆ رازی نابیت؟

-لەوانەیە لەم قۆناغەدا هەست بکەین لەوشێوازە پێشکەش کردنەکە، ڕەنگە من نەمەوێت ئەو کارە بەو چەشنە پێشکەش بکەم بۆ نمونە ڕەنگە لەم قۆناغەدا ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی رەنگە هەموو تموحاتی هونەرمەندانی نەپێکابێت چونکە کۆمەڵێك ئامێر هەن ونن وکەموکوڕیان هەیە وەك ئامێری پیانۆ وئامێری تیمپانی و ئامێرە فودارەکان.

تێبینی: ئەم چاو پێکەوتنە لە ڕۆژنامەی هەواڵ لەپاشکۆی (پەرەموچ) بڵاو بۆتەوە سوپاس بۆ خوێندنەوەتان